## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# بەشی دووەمی"The Twilight Saga" جارێکی تر پلەی یەکەمی بەدەست هێنا

بە شێوە یە کی چاوەڕواننەکراو و جیا لە ساڵانی پێشوو، فیلمەکانی مانگی یانزەو دوازدەی ئەمساڵ چالاکتربوون لەو فیلمانەی لەسەرەتا و نیوەی ساڵ نمایش کراون، فیلمەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەم هەفتەیە ئەو راستیە دەردەخات، هەرهەمان ئەو سێ فیلمەش هەفتەی پێشوو لەوبازنەیەدا بوون.


بەشی دووەمی فیلمی " The Twilight Saga" بەناوی "new moon" (مانگێکی نوێ)، لەئەنجامی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی بەشی یەکەم بەدەستی هێنابوو، بەرهەم هات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەبەشی دووەمدا زیاتر لەوی تر سەرنجی جەماوەری هۆلیوود و جیهانی بۆخۆی راکێشا، و بڕی داهاتی بەدەستهاتووی فیلمەکە ئامارەکان ئاشکرا دەکەن، کەوا توانیویەتی تەنها لەماوەی دوو هەفتە ٢٣٠ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە.

سەرەتای ئەم بەشەی فیلمەکە بە چاکبوونەوەی "بێلا سوان" دەست پێدەکات، دوای ئەوەی هێرشێکی توندی لەلایەن خوێن مژەکانەوە کرابووە سەر، کە زۆری نەمابوو کۆتایی بەژیانی بێنێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کەئاهەنگی لەدایکبوونی دەگێڕێت لەگەڵ خێزانەکەی و"ئیدوارد کوڵن"ی هاوڕێی. لەکاتی ئاهەنگەکەدا چەند کەسێك لەماڵبادەکەی توشی خوێن پژانێکی سەخت دەبن، بۆیە "کوڵینز" لەبەر ئیدوارد و بێلا ناچار دەبێت شار بەجێ بێڵێت و رووبکاتە شاری واشینگتۆن. دوای ئەم بەسەرهاتە بێلا کەمێك ئاسوودەیی دەبینێت، بەڵام کارەساتەکان نایەڵن درێژە بکێشێت.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "کریز ویتز" و پاڵەوانییەتی: کریستین ستیوارد، رۆبەرت باترسۆن، بیللی بێرك، ئانا کیندریك، جرستین چۆن، ئاشلی گرین، تایلۆر لۆتنەر، جاکسۆن راسبۆن، راسل رۆبەرتس.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

**فیلمەکانی کۆتایی ساڵ لە هۆلیود، توانیان سەرکەوتوتر بن لەو فیلمانەی چەند مانگە نمایش دەکرێت**




1- (The Twilight Saga: New Moon) ٤٢،٥٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٣٠،٦٧٤ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو:١.



2- (The Blind Side) ٤٠،١٢٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٠٠،٢٥٠ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو:٢.




3- (٢٠١٢) ١٨،٠٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣٨،٧٧٦ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٣.




4- (Old Dogs) ١٦،٨٤٦ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٦،٨٤٦ملیۆن$، بەیەك هەفتە.



5- (Disney's A Christmas Carol) ١٦،٠٠٣ملیۆن$، کۆی داهات: ١٠٥،٣٧٣ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٥.



6- (Ninja Assassin) ١٣،١٣٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣،١٣٥ملیۆن$، بەیەك هەفتە



7- (Planet ٥١) ١٠،٢٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٠،٢٠٠ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو:٤.



8- (Precious) ٧،٠٩٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٢،٤٦١ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٦.



9- (Fantastic Mr. Fox) ٧،٠٢٠ملیۆن$، کۆی داهات ١٠،١٠٨ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٤.



10- (The Men Who Stare at Goats) ١،٥٣٣ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٠،٥٥٢ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٧.



ئا: عەبدوڵا چنگیانی

## دینا رزق بۆ گوڵان:

# دوورکەوتنەوە لە لاسایی کردنەوە هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی بێژەرە



.دینا رزق وەك زۆربەی کچە بێژەر و راگەیاندنکارە لوبنانییەکان خاوەن توانا و بەهرەیەکی زۆرە لەو بوارەی کاری تێدا دەکات ئەمەش وایکردووە ببێتە خاوەن پسپۆرییەکی لە کارەکەیدا و بووەتە هۆی رەزامەندی بینەر، چونکە ئەوان رەزامەندی بینەر بە گرنگترین ئاواتەکانی خۆیان دەزانن و لەو پێناوەدا هەموو تواناکانی خۆیان دەخەنە کار، دوای هەوڵێکی زۆر توانیمان ئەو دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** یەکەم جار کە لەتەلەفزیۆن دەرکەوتی هەستت بە چی کرد؟**

- بێگومان جۆرە ترسێکم لە لا دروست ببوو، بەڵام ترسێکی ئاسایی بووە ئەمەش لای هەموو کەسێك دەبینرێت و هەستی پێدەکرێ کە یەکەم جار لە بەردەم بینەراندا دەربکەوێت، بەڵام دواتر هەموو لایەك دەستخۆشییان لێکردم.

*** سەرەتاچۆن هاتوویتە نێو بواری راگەیاندنەوە؟**

- من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە کاری راگەیاندن بووە بۆیە لە زۆر بواری جیاجیای راگەیاندندا کارم کردووە وەك پەیامنێری و چەندین بەرنامەی رەنگاو رەنگ، بەڵام سەرەتا لە خوێندنەوەی هەواڵی کەشو هەوا دەستم پێکرد، دەمەوێ ئەوەش بڵێم من سەرەتا زمانی عەرەبیم بەو شێوەیە باش نەبوو دواتر هەوڵمدا بەرە بەرە باشتری بکەم.

*** زۆر جار دەبینین بێژەر و مۆدێلەکان روو لە بواری گۆرانی یان نواندن دەکەن، تۆ بیر لەوە نەکردۆتەوە؟**

-نەخێر بیرم لێ نەکردۆتەوە، چونکە هاتنی من بۆ نێو بواری راگەیاندن بە حەز و ویستی خۆم بووە، ئەگەر بیریشی لێ بکەمەوە ئەوا زیاتر حەزم لە کاری نواندنە.

***وەك راگەیاندنکارێك کاری مەیدانیت پێ باشترە یان دیکیۆمێنتی؟**

- هەر بوارێك تایبەتمەندی و تاموچێژی خۆی هەیە، بۆ نموونە کاری مەیدانی وا لە راگەیاندنکار دەکات لە هەموو لایەنەکانی بکۆڵێتەوە ئینجا بۆ بینەرانی بنێرێت، بە هەمان شێوە لە کاری دیکیومینتیشدا پێشکەشکار زیاتر دەچێتە نێو قوڵایی کارەکە بە شێوەیەك هەوڵ دەدات بینەر بە باشترین شێوە تێبگەیەنێت.

*** بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بی لە کارەکەتدا پشت بە چی دەبەستی؟**

-دوورکەوتنەوە لە لاسایی کردنەوە و هەوڵدان بۆ ئەوەی بەو شێوەیە لەگەڵ بینەردا برۆیت کە لە دەروونییەوە نزیکە، هەروەها پێویستە ژینگەی گونجاو بۆ کار کردن هەڵبژێرێت واتە شوێنی کار کردن زۆر گرنگە.

*** جیاوازی چییە لە نێوان کار کردن لە کەناڵێکی سەربەخۆ و کەناڵێکی حکومی؟**

- پێشکەشکاری سەرکەوتوو بوونی خۆی دەسەلمێنێت لە هەر شوێنێك و هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوانیاندا، بەڵام هەندێك کەناڵ هەیە پێشکەشکار بە هەندێك کۆت و بەندەوە دەبەستنەوە ئەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی تواناکانی.

***لەنێو راگەیاندندا چ شتێك زۆر سەرنجت رادەکێشی؟**

- ئێستا زۆر شت هەیە لە شوێنی سروشتی خۆی نییە بێگومان لەنێو راگەیاندنیش بە هەمان شێوەیە، زۆر کەس هەن پێیان وایە ئەو شوێنەی ئەوان هەیانە شایەنی ئەوان نییە، من خۆم زۆر جار کە هەندێك لە راگەیاندنکارەکان دەبینم پێم سەیرە کە ئاستێکی زۆر بەرزیان نییە کەچی لە شوێنی زۆر بەرزدان و نامەوێ ناوی هیچ کەسێك بهێنم.

*** ئایا پێشکەشکاری بەرنامە هێڵی سووری هەبێت لە کار کردندا؟**

- ناتوانم لەجیاتی کەس وەڵامی ئەم پرسیارە، من خۆم هیچ هێڵێکی سوورم بۆ خۆم بۆ ئەو کەسانە دانەناوە کە لە بەرنامەکانم ئامادە دەبن، بەڵام بۆ خۆم سنووری خۆم و کەسیش نابەزێنم و نامەوێ بەشێوەیەکی وا باسی تایبەتمەندییەکانی کەس بکەم کە ببێتە هۆی بریندار بوونی.

***هۆکارەکانی سەرکەوتنی پێشکەشکاری چین؟**

- رێز گرتن لە خەڵك، ئینجا رێزگرتن لە پیشەکەی خۆی و گرنگی پێدانی.

*** تەلەفزیۆن چی پێ بەخشی و چی لێ سەندی؟**

- تەلەفزیۆن ژیانی منی جوان کردووە، هەروەها وای لێکردووم لە پیشەکەمدا زیاتر پەرە بە توانا رۆشنبیرییەکانی خۆم بدەم و کەسایەتیشی بەهێز کردووم، لەوەش گرنگتر دەرگای زیاتری لەبەردەم مندا واڵا کردووە کە بووە هۆی ئەوەی زیاتر بناسرێم، لە هەمان کاتدا تەلەفزیۆن وای لێکردووم کە وەکو پێویست ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانم بە جێ نەگەیەنم.

*** چ جیاوازییەکت هەیە لەگەڵ راگەیاندنکارەکانی تر؟**

- هەر یەکێك لە ئێمە شێواز و بەهرەی تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ ئەویتر جیای دەکاتەوە، هەروەها هەر یەکێکیش لە ئێمە توانایەکی تایبەتی هەیە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بینەردا بۆیە ناتوانم بڵێم من ئەم جیاوازییەم هەیە.

*** جوانی تا چەند گرنگە بۆ بێژەری کچ بەتایبەتی ئەگەر لە بواری سیاسیدا کار بکات؟**

- بێژەر کاری گەیاندنی هەواڵ و رووداوە بە بینەر، شێوەی رێکوپێکی دەرکەوتن زۆر گرنگە



بۆ بێژەر، بەڵام مەرج نییە بێژەر جا کوڕ بێت یان کچ زۆر جوان بێت، چۆنیەتی گەیاندنی هەواڵ بە بینەر و خۆ گونجاندن لەگەڵیان پێوەری سەرەکی سەرکەوتنە لە کاری راگەیاندندا.

*** ئایا گەشبینی بە دواڕۆژ یان بە رەشبینییەوە لە دواڕۆژی خۆت دەڕوانی؟**

-بێگومان زۆر بیری لێدەکەمەوە، مرۆڤ ئەگەر بۆ هەر شتێك رەشبین بێت ئەوا ژیانی ئێستا و داهاتوویشی ناخۆش دەبێت، من لە داهاتوو نەترسم و هەمیشە بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێك حەز و ئاواتەکانم دەهێنمە پێش چاوی خۆمەوە.

*** ئایا راستە کچە بێژەرە لوبنانییەکان پشت بە جوانی خۆیان دەبەستن؟**

- بەر لە هەر شتێك من وەك پێشتر گوتوومە جوانی هەموو شتێك نییە،نەخێر ئەمە بە هیچ شێوەیەك راست نییە، ئەگەر وابێت بۆچی بەشی هەرە زۆری کەناڵە عەرەبییەکان لە زۆربەی بەرنامەکانیاندا پشت بە کچە بێژەرە لوبنانییەکان دەبەستن، هەروەها کچە بێژەرەکانی وڵاتانی دیکەش زۆر بە توانان و جێی خۆیان کردۆتەوە لە زۆبەی کەناڵە عەرەبییەکان، بەڵام ئەم قسەیەش راست نییە.



*** مۆدێل و راگەیاندنکارچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە؟**

- بێگومان هەر یەکێك لەم کارانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بەڵام هەر چۆنێك بێت جۆرە لێك نزیكبوونێکیش هەیە لە نێوانیاندا.

*** تۆ دژی جوانکاری کردنی بە رێگای نەشتەرگەری؟**

- نەخێر من لەگەڵ ئەوەم ئافرەت بە جوانترین شێوە دەربکەوێت، بەڵام لە شێوەی و سنووری سروشتی دەرنەچێت.

*** رات چییە دەربارەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان؟**

- ئەوەی راستی بێت زانیاری ئەوتۆم نییە کە بتوانم حوکمیان لەسەر بدەم هەندێك کەناڵی کوردیم بینیوە، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموویان دەخوازم.

***چەند ژمارەی مۆبایلت هەیە؟**

- تەنیا یەکم هەیە، بەڵام هەموو جارێك خۆم وەڵامی نادەمەوە بەتایبەتی لە کاتانەی کە لەکار بم یەکێك لە یاریدەدەرەکانم وەڵام دەدەنەوە.

***پشووەکانت چۆن بەسەر دەبەی؟**

- کاری راگەیاندن مرۆڤ زۆر سەرقاڵ دەکات بەجۆرێك ناتوانێت بە رێکوپێکی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ بکات، بۆیە هەوڵ دەدەم لەگەڵ خێزانەکەم بەسەری بەرم، هەرچەندە لەو کاتانەشدا هەر بیر لەوە دەکەمەوە چۆن خۆم پێش بخەم.

*** خەونەکانت چین بۆ داهاتوو؟**

-خەونی یەکەمم ئەوەیە کە زیاتر خۆشەویستی خەڵك بەدەست بهێنم و بتوانم دڵیان رازی خۆش بکەم.

*** ئەم وشانە بۆ تۆ چی دەگەیەنن؟**

-ژیان : ئەوەی تێی نەگات چێژی لێ وەرناگرێت.

- ترس: هەر کەسێك بترسێت تام لە خۆشی و کاتە خۆشەکانیشی ناکات.

- تەلەفزیۆن: ماڵی دووەمی من و هەموو راگەیاندنکارێکە.

- بینەر: پێوەری سەرکەوتنی ئێمەیە.

- ئازار: خوا هەموومانی لێ دوور بخاتەوە، بەڵام هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەنگاوی باشتر بنێین بۆ دواڕۆژ.

- لوبنان : خۆشەویستترین و ئازیزترین وشەیە لای من.

-وەرزش: پێداویستییەکی بەردەوام بوونی ژیانە.

*** دوا وتەت چییە ؟**

هیوای سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازم لە کارەکانتاندا.

## سایرۆس رەگەز پەرست نییە



وێنەیەكی ئاسایی كچە ئەكتەری ئەمریكی مایلی سایرۆس بووە هۆی ئەوەی پەلكێشی دادگا بكرێت بە تۆمەتی رەگەز پەرستی بێ ئەوەی بە قسەی خۆی هیچ تاوانێكی ئەنجام دابێت، لە وێنەكەدا سایرۆس چاوێكێ خۆی بە دەست راكێشابوو، بۆیە ئافرەتێكی ئاسیایی ئەمەی بە نیشانەیەكی رەگەزپەرستی دانا دژی ئاسیاییەكان.

لۆسی كیم لە دادگا سكاڵایەكی دژی سایرۆس بەرز كردەوە و تێیدا دەڵێ ئەم كردەوەی سایرۆس (راكێشانی چاو) تەقلید كردنەوەی ئاسیاییەكان و ئیهانەكردنیانە، بۆیە پێویستە بەبڕی ٤ ملیار دۆلار سزا بدرێت، بەڵام دادگا سایرۆس بە بێ تاوان وەسف كرد و رایگەیاند هەرچەندە رەنگە وێنەكەی سایرۆ تا رادەیەك دژی ئاسیاییەكان بێت، بەڵام سەرپێچی هیچ یاسایەكی نەكردووە كە ببێتە هۆكاری ئەوەی كە بەم بڕە پارە زۆرەیە سزا بدرێت.

## كحولی پێ باشترە لە كۆكایین

ئەستێرەی سینەمای بە رەچەلەك كەنەدی پامیلا ئەندرسۆن رایگەیاند كە ئەو پێشتر لە ماوەیەكی دیاریكراوی تەمنیدا بۆ ماوەیەكی زۆر كۆكایینی بەكارهێناوە، بەڵام زۆر تاموچێژی لێ وەرنەگرتووە.

پامیلا لە دیمانەیەكیدا لەگەڵ ماڵپەری "فیمایل فیرست" رایگەیاند هەرچەندە ئەو ئێستا بە شێوەیەكی بەردەوام خواردنەوە كحولیەكان بەكار ناهێنێت و جاری وا هەیە كە بۆ ماوەی چەند مانگێك هەر هیچ ناخواتەوە تەنیا ئەوە نەبێت هەندێك جار شامپانیا دەخواتەوە، بەڵام زیاتر تاموچێژی لێ دەبینی تەنانەت جاری وا هەیە شامپانیا شێتم دەكات.



### ئیلیسا

## وائل كفوری و ڕۆتانا ئاشت دەكاتەوە

ماوەیەك پێش ئێستا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان كچە هونەرمەندی لوبنانی ئیلیسا یادی لەدایكبوونی خۆی كردەوە، كە تیایدا ژمارەیەكی زۆر لەهاوڕێیانی ئیلیسا ئامادەبوون لەوانە هونەرمەندان و هاوڕێ تایبەتییەكانی، بەڵام ئەوەی بووە جێگای سەرنجی ئامادەبووان و میدیاكان ئامادەبوونی سالم ئەلهندی بەڕێوەبەری كۆمپانیای ڕۆتانا و هونەرمەندی لوبنانی وائل كفوری بوو. ئاهەنگەكە لە هوتێلی ڤینیسیا بەڕێوەچوو كاتژمێر دەی شەو دەستی پێكرد و تاكو دووی شەو بەردەوام بوو، لە ئاهەنگێكی لەدایكبوونەوە گۆڕا بۆ ئاشتبوونەوەی نێوان سالم ئەلهندی و وائل كفوری كە ماوەیەكی زۆر بوو پەیوەندی نێوانیان كۆتایی هاتبوو. لەم بارەیەوە ئیلیسا گوتی "هەردووكیانم بانگهێشت كرد بۆ یادی ئاهەنگی یادی لەدایكبوونم، هیچیان نەیدەزانی ئەوی تر دێت، خۆشبەختانە ئاشتبوونەوە و هیچیان لەنێواندا نەما".





# بۆچی سیدییەکەی شانیا بڵاونەکرایەوە؟

***شانای کچە گۆرانیبێژێکی عەرەبە، بەڵام بە کوردی گۆرانی دەڵێت و دەتوانین بڵێین بۆ کچێکی عەرەبی سەرکەوتنێکە کە بە زمانێکی دیکە گۆرانی بڵێ، شانای ماوەیەك بەر لە ئێستا بە نیاز بوو یەکەم بەرهەمی تایبەتی خۆی بڵاوبکاتەوە کە لە چەند گۆرانییەك پێکدەهات، بەڵام ئەو بەرهەمەی بڵاونەکرایەوە و هۆکارەکانی بڵاو نەکردنەوەیشی دیار نین، بەڵام هۆکارەکان هەرچییەك بن بوونە هۆی نیگەرانی و دڵگرانی ئەو و گەیشتە ئەو رادەیەی سارد ببێتەوە لە بەردەوام بوون لەسەر کاری هونەری، هەرچەندە لە منداڵییەوە خولیا گۆرانی و مۆسیقایە و لە بواری مۆسیقاش خوێندوویەتی، بۆ زانینی هۆکارەکانی بڵانەکردنەوەی بەرهەمەکەی شانیا بە پێویستمان زانی.***

**بۆچی سیدییەکەی شانیا بڵاونەکرایەوە**

شانای کچە گۆرانیبێژێکی عەرەبە، بەڵام بە کوردی گۆرانی دەڵێت و دەتوانین بڵێین بۆ کچێکی عەرەبی سەرکەوتنێکە کە بە زمانێکی دیکە گۆرانی بڵێ، شانای ماوەیەك بەر لە ئێستا بە نیاز بوو یەکەم بەرهەمی تایبەتی خۆی بڵاوبکاتەوە کە لە چەند گۆرانییەك پێکدەهات، بەڵام ئەو بەرهەمەی بڵاونەکرایەوە و هۆکارەکانی بڵاو نەکردنەوەیشی دیار نین، بەڵام هۆکارەکان هەرچییەك بن بوونە هۆی نیگەرانی و دڵگرانی ئەو و گەیشتە ئەو رادەیەی سارد ببێتەوە لە بەردەوام بوون لەسەر کاری هونەری، هەرچەندە لە منداڵییەوە خولیا گۆرانی و مۆسیقایە و لە بواری مۆسیقاش خوێندوویەتی، بۆ زانینی هۆکارەکانی بڵانەکردنەوەی بەرهەمەکەی شانیا بە پێویستمان زانی

*** هۆکاری بڵاونەبوونەوەی ئەلبوومەکەت بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

_لەبەر ئەوەی هیچ پاڵپشتی و هاوکاری نییە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە تەنها لەلایەن هەندێك بەرپرس پارە دەدرێتە ئەو هونەرمەندانەی لێیانەوە نزیکن و دەیانناسن. بەپێچەوانەوە من زۆر دوورم لەو کەسانە و لە یارمەتییەکانیان.

بۆیە من وەك هونەرمەندێك كە لە سەرەتای كاروانی هونەرییەتی بەدوای دامەزراوەیەكی حكومی دەگەڕێم لەكوردستاندا بۆ هاوكاریكردنی من و چەندین كەسێك دیكەی وەك من كە لەبواری هونەریدا كار دەكەن و ئەو كارەیان خۆش دەوێت و بە كارێكی پیرۆزی دەزانن، بەڵام نامەوێ كەس هاوكاریم بكات تەنها لەبەر ئەوەی كچم بێ ئەوەی گرنگی بە ئاستی هونەری من بدات و بزانێت من تواناو لێهاتوویی ئەوەم هەیە ببم بە هونەرمەند، ئەو كەسانە كە هیچ ئاگاداری هونەر نین و بە پارەی خۆی تەنها ئەو ئافرەتانە بەكاردەهێنن كە هەژارن، ئەم جۆرە كەسانەش بێگومان لەبواری هونەرییەوە نەزان و نەخوێندەوارە و نازانن هونەر چییە.

*** تۆ مەبەستت كێیە لەو قسانەت؟**

- كەسانێكی دیاریكراو هەن كاریان ئەمەیە و پێویست ناكات ناوەكانیان بڵێم، بەڵام تۆ دەتوانیت پرسیار لەو ئافرەتانە بكەیت كە لە تەلەفزیۆن و رۆژنامە و بواری هونەریدا كاردەكەن و ئێستا سیدیان هەیە لێیان بپرسە مەبەستم كێیە، ئەمانە پارە لە كەسانێك سەرف دەكەن بە ناوی هونەرەوە و بەناوی ئەوەی هونەر بەرەو پێش دەبەن و پێشی دەخەن، بەڵام لە راستیدا ئەوەی ئەوان بەو ناوە پێشكەشی دەكەن نە هونەری تێدایە و نە هیچ پەیوەندییەكی بەسەر هونەرەوە هەیە.

*** ئەی دەربارەی ئەلبوومەكەت، چی بەسەر هات؟ ئایا بڵاو دەبێتەوە یان نا؟**

- سیدیە تایبەتیەكەی من بڵاو نابێتەوە لەبەر ئەوەی ئەوەندەی پارەی لەبەردەستم دابوو سەرفم كرد لەو سیدییە، ئەگەر لایەنێكی حكومی یان كۆمپانیایەكی هونەری پاڵپشتیم نەكات ئەوا باوەڕ ناكەم بەم زووانە بتوانم بڵاوی بكەمەوە .

*** بەڵام هەندێك هونەرمەندی تر دوای تۆ روویان كردە گۆرانی گوتن و ئێستا سیدییەكانیان لەبازاڕە، تۆ پێش ئەوان دەركەوتی و سیدیت بڵاو نەبۆتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی هەندێك كەسی گەندەڵ و ئەوانەی یاری ب هونەرەوە دەكەن پشتگیرییان دەكەن و گشت كارەكانیان بەپارەی ئەوان ئەنجام دەدەن تەنانەت ریكلامێكی باشیشی بۆ دەكەن.

*** لەسەرەتای دەركەوتنتدا بەردەوام پێدەكەنی و گەشبین بووی، ئەی ئێستا هەست بە چی دەكەی؟**

- دەمەوێت بە پرسیارێك وەڵامت بدەمەوە ئایا ئەوە كاری هەندێك كەسە كە هیچیان بەسەر هونەرەوە نییە پارە بدەن بەو هونەرمەندە ناهونەرمەندانە یان كاری وەزارەتی رۆشنبیرییە، چۆن بتوانم پێبكەنم و دڵخۆش بم كاتێك دەبینم هەندێك كچ تا ئێستا لەئەوروپا بوونە و لەچێشتخانە و بارەكاندا ئیشیان دەكرد كەچی پێش من كەوتن و سیدی و بەرهەمەكانیان زۆر بە باشی بڵاودەكرێتەوە ئەمەش هەمووی بەپارەی هەندێك لەو كەسانە.

منیش كە هەر لەمنداڵییەوە راهێنان دەكەم لەسەر هونەر و وانەی هونەری و مۆسیقا و گۆرانی دەخوێنم، كەچی ئێستا وا من دانیشتووم و گوێ دەگرم و تەماشای ئەوانە دەكەم كە بە ناوی هونەرەوە شتی نەشاز پێشكەش دەكەن و ناچارم سەیری دیمەنی نمایشكردنی جەستەیان دەكەم كە كاری سووكن و هونەری نین.



*** كەواتە ئێمە دەتوانین بڵێن پەشیمانی لە تۆماركردنی ئەلبوومەكەت یان قسەی خۆت هەیە و كاتێكی تر بڵاوی دەكەیەوە؟**

- لەراستیدا من پڕ بە دڵ گەلی كوردم خۆشدەوێت و شانازییەكی گەورەیە بۆ من بە زمانی كوردی گۆرانی بڵێم، بەڵام هەست دەكەم هیچ بایەخدان نییە بە هونەری كوردی و یارمەتی ئەوانە نادرێت كە هونەرمەندی راستەقینەن و بە دڵسۆزی و راستگۆییەوە كار دەكەن بۆ پێشخستنی هونەری خۆیان، لەمەش تەنیا مەبەستم خۆم نییە بەڵكو بۆ زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندان هەما رای منیان هەیە، چونكە ئەوانیش درك بەو كارە دەكەن كەوا هەندێك كەسی دیكە پێش دەخرێن و كاریان بۆ دەكرێت لەسەر حیسابی ئەوان و هونەرەكەیان.

*** دەمەوێت پێم بڵێی ئایا ئەلبوومەكەت بڵاو دەبێتەوە یان نا؟**

-وەك پێم گوتی من ئەو توانایەم نییە كارەكانی ئەلبوومەكەم تەواو بكەم چاوەڕوانم تاكو حكومەت هاوكاریم دەكات، من چاوەڕوانم و نازانم تاكەی چاوەڕوانییەكەم بەردەوام دەبێت، بەڵام ئێستا من خۆم لەرووی داراییەوە ئەو توانایەم نییە.

*** دوا قسەی شانیا چییە؟**

_ پێم وایە زۆر ماندوو بووم بەدەست ئەم سیدییەوە، كاتێكی زۆری خۆیم بۆ تەرخان كرد و داهێنانم كردووە لەگۆرانی گوتن بە زمانی كوردی ئەمەش مایەی شانازییە، راستە من كچێكی عەرەبم، بەڵام ە هیوادارم لە كۆتاییدا سیدییەكەم بڵاو ببێتەوە بۆ ئەوەی خەڵكی كوردستان گوێ لەسیدییەكەم بگرن و گوێ لە كچێكی عەرەب بگرن كە بە زمانی كوردی گۆرانی دەڵێت، هەروەها بۆ ئەوەی منیش بزانم كاردانەوەیان چۆنە بەرامبەر دەنگی من كە ئەمە زۆر دڵخۆشم دەكات و شانازیش بەوە هەڵسەنگاندنی جەماوەری كوردییەوە دەكەم و دەبێتە هاندەرێك بۆ بەردەوام بوون و پێشكەش كردنی كاری هونەری نوێ و جوانتر، بەڵام تا سیدییەكەك بڵاونەبێتەوە ناتوانم هیچ بكەم یاخود بیر لە داهاتوو و كاری نوێ بكەمەوە.